www.kurdistannet.org
27-1-2006 0:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕۆژنامەنووسی کوشندە .... خالید عەبدولکەریم حەمەلاو

لەدونیای ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، ئەگەر بەتێڕوانینێکی خێرا هەستین دەبینین جەنجاڵیەکی بێوێنە دەبینری، ئەو جەنجاڵیە خەتمەن بۆ تێکەڵ کردنی کایەی سیاسی بە کایەی ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە و لێرەشەوە دونیای ڕۆژنامەنوسی دەبێتە دونیای یەکلا کردنەوەی پرسەکان هەڵبەت ئەو پرسانەی کە بواری ڕۆژنامەنوسی لە خۆیانی دەگرێت و مەودای قسە لە سەر کردنیان هەیە تیایدا، تائێرە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بزانین کاتێك کایەی سیاسی هەناوی رشۆژنامەنوسی داگیر دەکات چ دەقەومێت؟ بەدڵنیایەوە چنرانی ڕۆژنامەنوسێکی ماکیاج کراو دەقەومی، لێرەشەوە حیزب لەوە دەبێتەوە کە مەبەستەکەی خۆی پێکاوەو ئەو فۆرمە لە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنوس دروست دەبێت، زۆرجاریش حیزب مەبەستی نیە هەموو قەڵەمێك بکاتە موڵکی خۆی، تەنها ئەوە نەبی ئەوانەی کە دەیان چێنی و دروستیان دەکات و بە ماکیاجکراوی دەیانخاتە نێۆ رشۆژنامەکانەوە ئیتر بە قودرەتی قادر پارەی بە لێشاو گیرفانیان پڕ دەکات، ئەم جۆرە رشۆژنامەنوسە دەکری پێَ بڵێن کوشندەیە، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت خاوەن مەعریفەیەکی سنورداری ئایدۆلۆژی بێت بەڵام مەخسەرەکە لەوەدایە کاتێك کابرایەکی ئێنشانوس دێت و دیەوێت خۆی بگەیەنێتە مەقامەتی ئەو ڕۆژنامەنوسە حیزبیە (کاتێك ئەسپیان ناڵ دەکرد قرژاڵیش پێی بەرز دەکردەوە) ، ئەمەیان کوشندەیە چونکە نەمەرجەعێکی فیکری پاڵپشتیەتی و نە خاوەن گوتارو ئاڕاستەیەکی ڕەسەنی ڕۆژنامەنویشە، ئەمەیان دێیت و دەنوسێت و قسە بازاڕیە بێکەڵکەکان ئەوەندەی تر تەخریف دەکات و ئینجا دەیکاتە بابەتی ڕۆژنامەکان، ئەگەر ڕۆژنامەنوسێکی خیزبی میتۆدی لێکۆڵینەوە بکاتە بیانوی وەشاندنی مەبەستەکانی حیزب ئەمەیان تەنها مەبەستیەتی کاکی مەسئول پی بڵی رَۆژنامەنوسە و گلەی لێبکات، ئەگەر یەکەمیان مەبەستی توندوتۆڵ کردنی پلەو پایەکەی بێت دووەمیان مەبەستی گەیشتنە بە مەسئولەکان، ئەم خاڵەتە زۆر ڕویداوە، ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت چۆنیەتی خۆپاراستنی ڕۆژنامەکانە لە م کەسایەتیە، لەم قەڵەمە بێکەڵکە، چونکە کەسێك تەنها بۆ دەرخستن و مەبەستی خۆ سوفیستایکردن بێت ئەوا کوشندەیە لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەنوسێك ئەگەر برشوای بە خوێندنەوەی کتیبَب و خۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردن نەبێت ئەبێت کام خەسڵەتەی ڕۆژنامەنوسی تیادابێت و چون بتوانێت ئازارو نەهامەتی شەریحەکانی کۆمەڵ بخاتەڕوو، ئەم پەتایە کەزۆربەی ڕۆژنامەکان و تایبەتیتر ڕۆژنامەی دەڤەرەکەمان دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکات زۆر درەنگە پرۆژە هەبێت بۆ ناسین و ڕۆشنبیرکردنی ئەم کەسایەتیانە، بەخاڵی کردنی ڕۆژنامەکان لەو کەسایەتیانە ئەوکات دەتوانێت بڵیت پاکم و شیاوم بۆ خستنەڕووی ئازارەکانی کۆمەڵگە.